سەماحەتی حەکیم لە دیداری دیپلۆمات و کەسایەتییە میسرییەکان : پالپشتی دەسەی فەلەستین دووپات دەکەینەوە لەگەڵ سەقامگیری عیراق و پتەوکردنی هاریکاری عەرەبی

لەچوارچێوەی سەردانەکەی بە کەماری میسری عەرەبی ، بەڕێز عەمار حەکیم سەرکی هاوپەیمانەتی هێزکانی دەوڵەتی نیشتمانی لە ماڵی عەراقییەکان لە قاهیرە بووە میوانی بەڕێز دکتۆر قەحتان ئەلجەنابی باڵیۆزی عەراق میسر لەوە لە دیدارەك کە چەندین دیپلۆماتی عەرەبی و میسری و کەسایەتی دیار ئامادەی بوون باس لە چەندین دەسەی گرنگی عەرەبی و هەرەمی کرا.

لەسەرەتای قسەکانیدا بەڕێز حەکیم باسی ڕۆڵی گرنگی میسری کینانەی کرد لە پاڵپشتی دەسەی فەلەستینی و ستایشی هەوڵەستی نەگۆڕی کرد لە پاڵپشتی کردنی مافەکانی گەلی فەلەستینی و هیوای خواست هەموو ئەو بانگشانە پووچەڵە بکرێنەوە کە داوای ڕەوانە کردن و ڕاگواستنەوەی فەلەستینییەکان دەکەن، لەژێر هەر بیانوەك بێت، دووپاتیشی کردەوە کە عەراق پالپشتی هەوڵەکانی کەرتی غەزە دەکات و لەگەڵ پاراستنی مافەکانی گەلی فەلەستینە لەسەر خاکی خۆیدا.

سەبارەت بە دۆخی عەراق، سەماحەتی حەکیم جەختی کردەوە لەسەر پێویستی پاراستنی سەقامگیری دۆخی سیاسی عەراق، لەگەڵ دووپاتکردنی پاڵپشتی ئەرکەکانی حکومەتی عەراقی بە ئاوەدان کردنەوە، هەروەها ستایشی ئەو هەنگاوانەی کرد کە حکومەت لە پێناو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری ئەنجامی داوە لەگەڵ ژێرخانیش، هەروەها پاڵپشتی عەراقی دووپات کردەوە بە هەوڵەستەکانی حکومەت بە کەیس جیاجاکانی سیاسی و هەرەمی و نەودەوڵەتی و ئاماژەی کرد کە گرنگە لووتکەی عەرەبی لە بەغدا لەدوای چەند مانگێکی دیکە سەرکەوتوو بێت.

سەبارەت بە لایەنی ناوچەکە بەڕێز حەکیم باسی ڕووداوەکانی سووریای کرد و جەختی لەسەر هەوڵەستی عەراق کردەوە کە پێی باشە سەقامگیری لەسووریا بەرقەرار بێت و دوور بێت لە دەست تێوەردانی دەرەکی، داواشی کرد هەموو ئەرکەکان بەرەو پێکهێنانی پرۆسەیەکی سیاسی گشتی بێت کە هەموو پێکهاتەکانی سووریا لەخۆ بگرێت، ئەوەش گەشە و سەقامگیری لەگەڵ خۆی دەهێنێت.

لەکۆتایی قسەکانی بەڕێز حەکیم باسی پێویستی هەماهەنگی و یەکبوونی عەرەبی کرد بە ئەوەی ناوچەکە لە ململانێ دوور بخرێتەوە، ئاماژەشی کرد کە دەبێت لە لووتکەی عەرەبی داهاتوو هەموو ئەو ناکۆکییە عەرەبییانە بن بە بکرێت، ئەویش لەڕێگەی گفتوگۆ و دەست بە خاڵە هاوبەشەکان بگیرێت و دوور بکەونەوە لە خاڵی ناکۆکی و بە ژیرانە ئیدارەی بکەن، لەگەڵ پێوەکردنی بنەما ئیسلامی و عەرەبییەکان و کار لەسەر کامبوونی عەرەبی بکرێت بە زامنکردنی سەقامگیری و خۆشگوزەرانی ڕەوانەکانی ئەو ناوچەیە.